وەزارەتی دارایی ئابووری
ژمارە: ٧٦٥٦ لە ٢٠٢٦/٨/١٠

ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆک وەزیران ژمارە(٢٢١٧) لە(٢٠٢٦/٧/٢٣) بڕیاردرا بە هەموارکردنەوەی ماددەی(١) بڕگەی(سێیەم/ب)لە ڕێنماییمان ژمارە(٢)ی ساڵی(٢٠٢٥)بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- ئەو فەرمانبەرانەی کە فەسڵکراوانی سیاسیین بەپێی حوکمەکانی یاسای فەسڵکراوی سیاسی ئیتیحادی ژمارە(٢٤)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموار دەیانگرێتەوە و گەڕێندراونەتەوە سەر ڕاژە .

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی سەرۆک وەزیران جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری

وەزارەتی ناوخۆ
ژمارە: ٢١٧٥٦ لە ٢٠٢٦/٧/٢٣

بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٦
ترازاندنی گوندی (خورکێ) سەر بە ناحیەی ئەتریش بۆ سەر ناحیەی باعەدرێ

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٧٧٥) لە ٢٠٢٦/٦/٢١ و بەپێی ماددەی (بیست و شەشەم/ سێیەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو و و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندابە:

یەکەم: ترازاندنی گوندی خورکێ بە هەمان سنووری ئێستای لە ناحیەی ئەتریش/ قەزای شێخان/ پارێزگای دهۆک لە ڕووی کارگێڕییەوە و لکاندنی بە ناحیەی باعەدرێ/ قەزای شێخان/ پارێزگای دهۆک.

دووەم: ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ